# بەشی ماتماتيك
# وانەی 4
# Method of teaching and education
# Technology
# 2024-2023

# ئاڕاستەکانی جێ بەجێ کردنی تەکنەلۆژیای فێرکردن لەپەروەردەی قوتابخانەییدا

هەندێك لەو ئاڕاستانەی کە پێگەی تەکنەلۆژیای فێرکردن لەپەروەردەی قوتابخانەیی زیاددەکەن ئەوانیش:

1. مامۆستا بەقوڵی هەوڵی تێگەیشتن لە تەکنەلۆژیای فێرکردندا دەدات ,درك بە گرینگی ڕۆڵەکەی دەکات لەپەرەسەندنی فێرکردندا.
2. مامۆستا درك بە ڕۆڵە نوێیەکەی دەکات لە ژێر سایەی بنیاتنانی تەکنەلۆژیای فێرکردن لە پرۆسەی وانەووتنەوەدا.
3. پاڵپشتی کردن لە دروست کردنی سەنتەری سەرچاوەکانی فێربوون و کتێبخانە لە قوتابخانەکاندا.
4. نرخاندن و پەرەسەندنی ژینگەی فێرکاری لە لایەنی ماددی و دەروونی و بۆ بیناکردنی فێربوونی تەکنەلۆژی نوێ.

5. دابین کردنی ئامێرو ئامرازەکان و کورسی و پەردەو کارەبا .....هتد لە ژینگەی فێربوون و ئەوانەی پەیوەندیان بە پۆلی وانەووتنەوە هەیە.
6. مەشق کردنی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکردن.
7. مەشق کردنی قوتابیان و مامۆستایان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ ی فێرکاری.
8. دابین کردنی هاندەرە ماددی و مەعنەوییەکان بۆ مامۆستایان کە نموونەی نوێ ی تەکنەلۆژیا لە وانەووتنەودا لەسەر بینا دەکرێ.
9. پەرەسەندنی پرۆگرامی خوێندن و گونجانی لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم.

# هۆكارەكانی تەكنەلۆژیای فێركردن

هۆكاری تەكنەلۆژیای فێركردن بریتیە لە رێكخراوێك دەتوانین دایبنێین لە بواری فێركردن جا سادە بێت یان ئاڵۆز بێت , ئامێربێت یان بابەتی فێركاری یان هەردووكیان بەیەكەوە بە شێوازێكی رێكخراو بۆ جێ بەجێ كردنی ئامانجە دیاریكراوەكان بە باشترین نمرە لە چالاكی و توانست.

یان هۆکاری تەکنەلۆژیای فێرکردن واتە پرۆگرامەکان و ئامێرەکان و هەڵوێستە فێرکاریەکانەکە مامۆستایان بە کاری دەهێنن و یان قوتابی بە چاپوکیەك بەردەوام دەبێت لە پرۆسەی فێرکاری ئەمەش دەکرێ بەمەبەستی گواستنەوەی فێرخواز لە ڕاستی شارەزایی رووتەڵی بۆ راستی شارەزایی هەستپێکراو بەمەش پرۆسەی فێرکردن ئاسان دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی تەواوی فێرخواز.

# هۆكاری تەكنەلۆژیای فێركردن لە دووجۆر پێك دەبێت :

**جۆری یەكەم:** ئاسایی كە هۆكاری فێركردنە ئەویش لە دوو بەش پێك دێت:

یەكەم : لە ڕێگەی ئامێرەكانەوە پیشان دەدرێت .


دووەم: بەبێ ئامێرەكانەوە پیشان دەدرێت.

**جۆری دووەم** :نوێكاریە وەك پشت دەبەستێتە سەر تەكنەلۆژیای زانیاریەكان وەك تۆری كۆبوونەوەكان بە ڤیدیۆ لە دوورەوە ,ڤیدیۆی كارلێك كردن, تۆری زانیاریەكان و پەیوەندیەكان .

# پرۆسەی پەیوەندیکردنی پەروەردەیی


**چەمکی پرۆسەی پەیوەندیکردن** : واتە گواستنەوەی بیرۆکە و زانیاری و لێهاتوویی و بۆچوون (ئاراستە) و ئەزموون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر.

**پەیوەندیکردن** پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە و جێبەجێکردنی پەیوەستە بە بوونی هەردوو لایەنی (نێرەر - وەرگر) (المرسل والمستقبل) ڕوودانی ئاوێتە بوون لە نێوانیاندا.




**پەیوەندیکردن** پرۆسەیەکی دەروونی پەروەردەییە بە هۆی ئەو کاریگەرییەی کە پەیامەکە درووستی دەکات ,پێویستە لەهەر پرۆسەیەکی پەیوەندیکردندا گۆڕان یان چاککردنی ڕەفتار ڕوودات.

- باری دەروونی هەریەکە لە المرسل والمستقبل (نێرەر - وەرگر) کاریگەری دەبێت لەسەر تێگەیشتنی پەیام و چۆنێتی وەرگرتنی پرۆسەی پەیوەندیکردنە بە گشتی.



# چەمکی پەیوندیکردنی فێرکاری
# ( الاتصال التعليمي )

پەیوەندیکردنی فێرکاری : بنەمای هەموو هەڵوێستێکی فێکاریە ، ئامانجی گواستنەوەی شارەزاییە جۆراو جۆرەکانە کە معریفی و جولەیی و ویژدانیە بۆ فێرخوازان , دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کەسایەتی فێرخواز لە لایەنی جیاوازەوە.



# ئامانجەکانی پرۆسەی پەیوندیکردنی پەروەردەیی


- درووستبوونی ئاوێتەبوون(تفاعل) لە نێوان (نێرەر - وەرگر) لە ڕووی هاوبەشێتی لە بیرۆکەو چەمك و کارکردن.


- هەریەکە لە (نێرەر - وەرگر) کاریگەر بن , ئەو کاریگەریەش ببێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری پۆزەتیف لە ڕەفتار (بۆ نمونە فێرخواز لە قوتابخانە.

# ڕەگەزەکانی(توخمەکانی) پرۆسەی پەیوەندیکردنی پەروەردەیی

1. نێرەر یان سەرچاوە
2. پەیام
3. کەناڵی پەیوەندی یان ئامراز
4. وەرگر
5. فیدباك یان پەرچەکردار.
6. التشویش کاریگەریەکان.

# ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن





# 1- نێرەر ( سەرچاوە)

- نێرەر ڕەگەزی یەکەم و بنەڕەتیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن وەك (مامۆستا,بێژەر,قسەکەر ئەکتەر).
- **نوسەرو دانەری کتێب:** ئیدی پەرتووك بێت یان مقالە یان هەر ماددەیەکی زانستی و ڕۆشنبیری و ئیعلامی.
- **بێژەر لە ئێزگەو تەلەفیزیۆن:** جا بێژەر بێت یان کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری یان زانستی.پەیام دەگاتە وەرگر لە کاتی خوێندنەوەی سی دی یان هەندێك جار بە دەنگەوە دەشخوێنرێتەوە

# تایبەتمەندیەکانی نێرەر

1- پێویستە نێرەر توانای زمانەوانی و ڕەوانبێژی هەبێت .

2- لۆژیکی کاریگەرو توانای هەبێت لە ڕازیکردن و کاریگەری نواندن لەسەر بەرامبەر.

3- هونەری پێشکەشکردنی پەیام ڕۆڵدەبینێت.

4- توانای هەبێت لە دەربڕین و ڕوونکردنەوەی بیرۆکەو زانیاری بۆ وەرگر(فێرخواز).

5- ئەو زانیاریانەی نێرەر دەینێرێت تەواو تێرو تەسەل بن (بابەتی زانستی پێشکەش بە فێرخواز بکرێت.

6- پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسێتی نێرەر بۆ وەرگر ڕۆڵی خۆی دەبینێت (سەرۆك بەش یان ڕاگر)




# 2- پەیام

- پەیام ڕەگەزی دووەمە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن ، بوونی پەیام فاکتەری سەرەکیە بۆ ڕوودانی پرۆسەی پەیوەندیکردن.ئەو ناوەرۆکەیە یان بابەتەیە کە (ڕاستیەکان ،چەمکەکان ، یان کارامەییەکان ، ئاراستەکان) کە داواکراوە بگوازرێتەوە بۆ فێرخواز.
- ناوەڕۆکی مەعریفی پەیام ڕۆڵی خۆی هەیە.
- ئەو ئامانجەی کە پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە هەوڵی بە جێهێنانی دەدات .
- ڕۆڵ و فۆرمی پەیامەکەبە چ شێوازێکە چاپ یان بینراو و بیستراو.

# تایبەتمەندیەکانی (سیفەتەکانی ) پەیام

1 - هەڵەی تێدا نەبێت لە ڕووی نوسراوو دەربڕین و گەیاندنەوە.

2 - دوورکەووتنەوە لە دووبارەکردنەوەی بێ پاساوی زانیاری.

3 - نابێت پەیام درێژوو تاقەت ڕەوێن بێت.

4 - ئامڕازی گونجاو بەکار بێنێت بۆ گواستنەوەی زانیاری.

5 - کاتی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی (پێشکەشکردنی)پەیام بەکاربهێنرێت.

6 - پێویستە پەیام ئاراستەی کەس یان کەسانی گونجاوی خۆی بکرێت بۆ وەرگرتنی.

7- دەبێت  پەیامەکە بەسترابێتەوە بە ئامانجە فێرکاریەکان کە دبێت بهێنرێتە دی .

8- لە لایەنی زانستیەوەووردبێت ، لە  پەیامدا دەبێت رەچاوی لایەنی زانستی و زمانەوایی راست و دروست بێت، تا زانیاری هەڵە نەگوازرێتەوە.

9- بەکارهێنانی هێمای زانراو(ڕوون) بۆ وەرگر تا وەرگر لە ئاماژەی ئەو پەیامە تێبگات کە ئاراستەی کراوە.

10- سادەبێت دوور بێت له ئاڵۆزی، نابێ پەیامەکە زانیاری ئاڵۆزی تێدا بێت ، دەبێت ڕەچاوی تاییەتمەندی و تواناکانی فێرخواز بکرێت دوور بکەوێتەوە له پەیامی فێرکاری ئاڵۆز دەبێتە هۆی نائومێدیان.

11- کورت بێت ،ئیتیکێتی دەربڕینی تێدا بێت.

# هەڵسەنگاندن

- مەرجەکانی سەرکەوتنی پەیام چیە؟


یان

- بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجی پەیوەندیکردن ,پێویستە پەیام ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت؟

# 3- کەناڵی پەیوەندیکردن یان ئامراز( قناه الاتصال )

ئامرازەکان کەناڵی پەیوەندیکردنە کە پەیامەکەی پێدا دەڕووات لە نێرەرەوە بۆ وەرگر.

- کەناڵەکانی پەیوەندیکردن جیاوازدەبێت بە جیاوازی جۆری پەیوەندیکردنەکە وە بە پێی ئەو ژینگەیەی ڕێکخراوە بۆ پەیوەندیکردنەکە.



هەڵبژاردنی کەناڵەکانی پەیوەندی و ئامرازەکان دەوەستێتەسەر تایبەتمەندی فێرخوازان ، جۆری شارەزاییەکەیان ، بابەتی وانەکە ، ئامانجەکەی ،ڕێگەی کۆکردنەوەی فێرخوازەکان ، شێوازی فێربوون ، بۆ ئەوەی ئامانجی پەیوەندیکردن بێتە دی.

## لە کاتی هەڵبژاردنی کەناڵی پەیوەندیکردن ( ئامراز) پێویستە ڕەچاوی هەندێك پێوەر بکرێت:

- ئامرازەکە گونجاوبێت لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات .
- دەبێت ئامرازەکە لەگەڵ بابەتی وانەکە بگونجێت .
- دەبێت ئامرازەکە لە گەڵ توانای قوتابیان و تەمەن و شارەزاییان بگونجێت .
- بەرهەمهێنانی ئامراز بەقەبارەی گونجاو.

**كەناڵەكانی پەیوەندیكردن (قنوات الاتصال) یان**

**تاكی یە :** سەردانیكردنی كەسی

**بە كۆمەڵیە:** كۆنفراسەكان ، كۆبوونەوەكان ، گەشتەكان

**جماهیریە:** تەلەفزیۆن ، ڕۆژنامەكان

# جۆرەكانی كەناڵی پەیوەندیكردن

1 - **نووسراو:** وەك كتێب بە جۆرەكانی و پسپۆریەكانی و ڕۆژنامەوانی.

2 - **ئامرازە سەرەكیە ڕاستەوخۆكان:** گفتوگۆكردنی ڕاستەوخۆ وەك وانەبێژی و سمینارو ۆرك شۆپ كە لە نێوان نێرەرو وەرگر بە ڕاستەوخۆی ئەنجامدەدرێت.

3 - **ئامرازە بیستراو و بینراوەكان:** ئەمەش خۆی لە ئێزگە)ڕادیۆ( و تی ڤی و بینراوە دەبینێتەوە.

4 - **ئامرازی ئەلیكترۆنی و تەكنەلۆژیای نوێ :** نموونە ئەنتەرنێت بە وێب سایت و پێگە كۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زانستیەكان خۆی دەبینێتەوە.